کتێبی

فیقهی شەرعی ئافرەتان تایبەت بە ئەحکامی خوێنەکان

=====================

## دەروازەی یەکەم

# خوێنەکانی ئافرەت لە زانستی پزیشکی دا

## بەشی یەکەم

# خوێنی بێ نوێژی

- ✍بڕگەی یەکەم: پێناسەی بێ نوێژیو سوڕی مانگانە.
- ✍بڕگەی دووەم: گرنگی بێ نوێژی .
- ✍بڕگەی سێیەم: ماوەی بێ نوێژی .
- ✍بڕگەی چوارەم: بڕی خوێنی بێ نوێژی.
- ✍بڕگەی پێنجەم: ڕەنگی خوێنی بێ نوێژی .
- ✍بڕگەی شەشەم:چۆنیەتی ڕوودانی کرداری بێ نوێژی
- ✍بڕگەی حەوتەم: نیشانەکانی کەوتنە سەر بێ نوێژی .

===================================


لە بڵاوکراوەکانی

مالْپەڕی بەهەشت

www.ba8.org



islam_kurd_ba8@yahoo.com

07701517378



هەمیشە لەگەڵمان بن بۆ بەرهەمی نوێ

# خوێنی بێ نوێژی [١]

## بڕگەی یەكەم: پێناسەی بێ نوێژی و سوڕی مانگانە:

**بێ نوێژی:**

بریتیە لەو خوێنەی كە لە دامێنی ئافرەتەوە دێتە خوارەوە پاش گەیشتنی بە تەمەنی پێگەیشتن، وە هەر ٢٨ ڕۆژ جارێك ڕوو دەدات.

**سووڕی مانگانەی ئافرەت:**

سوڕی مانگانە بە یەكەم ڕۆژی كەوتنە سور خوێن دەست پێدەكات‌و بە ڕۆژی یەكەمی كەوتنە سەر خوێنەكەی تر سوڕێك تەواو دەبێ، ماوەی سوڕی مانگانە ٢٨ ڕۆژە، لەوانەیە لە هەندێ ئافرەت دا كەمتر بێ ٢٢ ڕۆژ بێ، یان زیاتر بێ ٣٥ ڕۆژ.

وە سوڕی مانگانە لە نێوان تەمەنی بالْغ بوون‌و تەمەنی نائومێدی دا بەردەوام دەبێ‌و، لە هەموو سوڕێك دا كۆمەڵێك گۆڕانكاری بەسەر كۆ ئەندامی مێیەنەی ئافرەت دا دێت‌و، ئامادەی دەكات بۆ كرداری سك پڕبوون.

## بڕگەی دووەم: گرنگی بێ نوێژی:

خوێنی بێ نوێژی گرنگی زۆرە لە ژیانی ئافرەت دا لەوانە:

١- نیشانەیەكە بۆ دەست پێكردنی سەرەتای پێگەیشتن‌و توانای منداڵ بوون .

٢- نەمانی بێ نوێژی‌و كەوتنە سەر خوێن نیشانەیە بۆ ئەوەی كە ئەو ئافرەتە توانای منداڵ بوونی نەماوە.

٣- ڕێكوپێكی بێ نوێژی‌و كەوتنەسەر خوێن بەڵگەیە لەسەر ساغ‌و سەلامەتی كۆئەندامی مێینەی ئافرەت، وە ناتەواوی‌و ناڕێك‌و پێكی‌و پشێوی بێ نوێژی مانای ناتەواوی كۆئەندامی مێینەی ئافرەتە .

٤- وەستانی بێ نوێژی یەكەمین نیشانەكانی سكپڕیە‌و بەڵگەیە لەسەر دووگیان بوونی ئافرەت.

٥- بوونی خوێنی بێ نوێژی لەكاتی سكپڕیدا بەڵگە‌و نیشانەی لەبار چوونی كۆرپەلەیە[٢] .

٦- پشێوی بەردەوام‌و ناڕێك‌و پێكی بێ نوێژی ئەگەر چارەسەر نەكرێ پێ دەچێ سەر بكێشێ بۆ نەزۆكی لەو ئافرەتەدا.

---

(١) لە نوسینەوەی ئەم بەشەدا سوود وەرگیراوە لە كتێبی دكتۆر: إبراهیم معروف.

(٢) دەگونجێ ئافرەت لە كاتی سكپڕیدا بكەوێتە سەر خوێن ، بەڵام ئەو خوێنە بە خوێنی نەخۆشی دادەنرێت نەك خوێنی بێ نوێژی، مەگەر تەواوی نیشانەكانی خوێنی بێ نوێژی تێدادەركەوێ، ئەوجا بڕیار دەدرێ كە خوێنەكە خوێنی بێ نوێژییە‌و ئەوەش بە حاڵەتێكی شاز دادەنرێت.

## بڕگەی سێیەم: ماوەی بێ نوێژی:

ماوەی بێ نوێژیو سوڕی مانگانە حاڵەتێکی دیاری نەکراوەو، لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر دەگۆڕێ، وە لە هەمان ئافرەتیش دا لە تەمەنێکەوە بۆ تەمەنێکی تر دەگۆڕێ. بۆیە بڕو ماوەی خوێنی بێ نوێژی لەسەرەتای تەمەنی پێ گەیشتن دا جیاوازە لە چاو قۆناغەکانی تەمەنی کۆتایی دا، هەر بۆیە لەگەڵ گەورەبوونو بەسەرچوونی تەمەنو چوونە ناو ساڵەوە هەم بڕی خوێنەکە کەم دەکات، هەم ماوەکەیشی دەگۆڕێ.

بەشێوەیەکی گشتی ماوەی بێ نوێژی چوار تا شەش ڕۆژە لە زۆربەی ئافرەتان دا .

## بڕگەی چوارەم: بڕی خوێنی بێ نوێژی:

بڕی خوێنی بێ نوێژی لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی تر جیاوازە، بەڵام بە گشتی بڕی ئەو خوێنەی کە دێتە خوارەوە لە کاتی بێ نوێژیدا «٣٠-٨٠» میلیلتر دەبێ، کە تاڕادەیەك دەکاتە نیوکوپ.

## بڕگەی پێنجەم: نیشانە ناسراوەکانی خوێنی بێ نوێژی:

خوێنی بێ نوێژی چەند خەسڵەتو نیشانەیەکی تایبەتی هەیە کە بەهۆیەوە دەتوانرێ خوێنی بێ نوێژی پێ بناسرێتەوە:

١- ڕەنگی خوێنەکە ڕەشە.

٢- لەدوای دەرچوونی هەرگیز نامەیەتو نایبەستێ، ئەگەر بۆ ماوەیەکی درێژیش بمێنێتەوە. بەڵام هەندێ جار پارچەکلۆی مەیوو لەگەڵ خوێنەکەدا دەردەچێ، ئەوە پارچەکانی ناوپۆشی منداڵدانە، نەك خوێنەکە خۆی مەییبێو بەستبێتی.

جا ئەگەر خوێنەکە ڕەنگەکەی ڕەش بوو، بەڵام هەندێ پارچە کلۆی مەیووی تێدابوو ئەوە خوێنی بێ نوێژیە، بەپێی ڕەنگەکەی.

بەڵام ئەگەر خوێنەکە لەدوای دەرچوونی بەستیو مەییو ڕەنگەکەشی سوور بوو، ئەوە خوێنی بێ نوێژی نیەو، خوێنی تری نائاساییە.

٣- هەندێ جار لینجە مادەیەکی زەرد باویشی لەگەڵدایە، کە ڕژێنەکانی منداڵدان دەری دەدات. وە زۆرجاریش پارچەی ناوپۆشی منداڵانیشی تێدایە، کە بە شێوەی پارچە کلۆی مەیوو دەردەکەوێ.

٤- خوێنی بێ نوێژی زۆرجار بۆنێکی تایبەتی ناخۆشی هەیە . ئەو خوێنە خۆی لە بنەڕەتدا بۆنی نییە، بەڵام لەکاتی تێپەڕینو ڕۆیشتنی بەناو دەرچەی دەرەوەدا ئەو بۆنە وەردەگرێت، کە تێکەڵ بە بەکتریاکانی دەرچەی دەرەوە دەبێ.

دەشتوانرێ بە هۆی ڕەچاوکردنی ڕێساو بنەما پزیشکیەکان ئافرەت خۆی لەو بۆنە بپارێزێو نەیهێڵێت.

## بڕگەی شەشەم: چۆنیەتی ڕوودانی کرداری بێ نوێژی:

ئەندامیٚ مێینەی ئافرەت لە چەند بەشێك پێكدێت:

**یەکەم: هێلکە دانەکان:**

بـریتین لـە جوتێـك رژێـنی هێلکـەیی‌و دەکەونـە هـەردوولای منالّدانـەوە، کـە بەسـتراوە بـە بەشـی سەرەوەی منـالّدان.

ئـەرك‌و فـەرمانی هێلکـەدان بریتیـە لـە بەرهـەم هێنـانی هێلکـەو دەردانـی ئـەو هۆرمۆنانـەی کـە تایبەتمەندن لە دەرخستنی سیفەتی مێینە، وەکو ئیستڕۆجین‌و پرۆجیسترۆن.

هێلکـەدان لـە بـاری ئاسـایی دا کـە ئافرەتەکـە دووگیـان نـەبێ هـەموو مانگێـك هێلکەیـەك بەرهـەم دەهێنێـت‌و دەینێـرێ بـۆ نـاو بـۆڕی منـالّدان، تـاوەکو لەگـەڵ تـۆوی پیـاوو دا یـەکبگرێ‌و کۆرپەلـە دروست بێ .

**دووەم: جۆگەی هێلکەدان:**

جوتێـك جۆگـەن دەکەونـە نێـوان هێلکـەدان‌و منالّدانـەوەو، ئـەرك‌و فـەرمانی بریتیـە لـە گواسـتنەوەی هێلکە لە هێلکەدانەوە بۆ ناو منـالّدان.

لـەناو ئـەم جۆگەیـەدا هێلکـە بـۆ مـاوەی ٢٤ تـا ٤٨ کاتـژمێر چاوەڕوانی تـۆوی پیـاو دەکـات، بـۆ ئـەوەی لەگەڵیـدا یـەکبگرێ‌و کـرداری پیتـێن ڕووبـدات، ئەگـەر لـەو ماوەیـەدا هێلکـە تـۆوی پیـاوی پێنەگەیـشت، ئەوا ماوەکەی بەسەر دەچێت‌و دەمرێت.

**سێیەم: منالّدان:**

بریتیـە لـە ئەنـدامێکی ماسـولکەیی شـێوە هـەرەمی کـە توانـای گـەورەبوون‌و بـچوکبوونەوەی هەیـە، لوتکـەی هەرەمەکـە بـۆ خوارەوەیـەو بنکەکەیـشی بـۆ سـەرەوەیە، لـە بەشـی سـەرەوە بەسـتراوە بـە هـەردوو جۆگەی هێلکەدان‌و لە بەشی خوارەوەش بەستراوە بە زێوە.

منـالّـدان لـە تەمـەنی منداڵێـدا پووکاوەیـەو چـالاك نییـە تـا تەمـەنی پێگەیـشتن‌و بـالغ بـوون. لەتەمـەنی پێگەیـشتن دا منـالّـدان دەسـت دەکـات بەگەشـەو گـەورەبوون لـەژێر کاریگـەری هۆرمۆنـەکانی مێینـە، بەمـەش درێژییەکـەی دەبێتـە ٧،٥سـم‌و، پانیەکەیـشی دەبێتـە ٥سـم، ئەستوریەکەیـشی دەبێتـە ٣سـم، ئـالێرەوە سـوڕەکانی بـێ نوێـژی دەسـت پێـدەکات، تـا تەمـەنی دەگاتـە ٤٥ بـۆ٥٠ سـاڵ‌و، پاشـان دووبارە منـالّدان بەیەکجاری دەپووکێتەوە کە پێی دەوترێ تەمەنی هیوابڕان‌و نائومێدی.

ڕووی نـاوەوەی منـالّـدان داپۆشـراوە بـە چینە خانەیـەکی تـەنك، وەکـو پەردەیـەك یـان توێـژاڵێکی تـەنك نـاوەوەی دیـواری منـالّـدان ی داپۆشـیوە، کـە ئەسـتوری ئـەو پـەردە دەگاتـە نیـو میلیمـەتر، کـە موولوولـەی خوێنی تێدایە. کرداری بێ نوێژی حاڵەتێکە کە گۆڕانکاری بەسەر ئەم پەردە تەنکەدا دەهێنێ.

**چۆنیەتی ڕودانی كرداری بێ نوێژی:**

هێلكـەدان لـەژێر كاریگـەری هۆرمۆنەكانـدا دەسـت دەكـات بـە بەرهـەمێنانی هێلكـەو، هێلكـەدان لـە بـاری ئاسـایی دا كـە ئافرەتەكـە دووگیـان نـەبێ هـەموو مـانگێـك هێلكەیـەك بەرهـەم دەهێنێـتو دەینێـرێ بۆ ناو بۆڕی منـاڵدان، تاوەكو لەگەڵ تۆوی پیاوو دا یەكبگرێو كۆرپەلە دروستبێ.

وە لـەو كاتـەدا كـە هێلكـەدان دەسـت دەكـات بـە دروسـتكردنی هێلكـەو نـاردنی بۆنـاو جۆگـەی هێلكەدان، لەهەمان كاتیشدا هۆرمۆنەكان دەست دەكەن بە ئامادەكردنو ڕێكخستنی منـاڵدان .

**ئامادەكردنی مناڵدان یش بەوە دەكرێ:**

ئـەو چینە پەردەیـەی كـە ناپۆشـی منـاڵـدان ی داپۆشـیوە دەسـت دەكـات بەگەشـەكردنو، ئەسـتوریەكەی زیـاد دەكـات، لـە نیـو میلیمـەترەوە زیـاد دەكـات بـۆ پێـنج میلیمـەتر. ژمـارەو قـەبارەی موولوولـەكانی خوێنو گلاندەكان زیاد دەكات.

هـۆی ئـەو گۆڕانكاریانـەش بریتیـە لـە هۆرمـۆنی ئیـستڕۆجین[١] ، گۆڕانكاریەكـەش بـۆ ئەوەیـە تـاوەكو منـاڵدان ئامادەبكات بۆ وەرگرتنی هێلكەی پیتێنراو[٢] .

پاشـان وردە وردە گەشـەی منـاڵـدان زیـاد دەكـاتو، دیـواری منـاڵـدان شـێوەی ئیـسفەنجی وەردەگرێـت، هـۆی ئـەو گۆڕانكاریانـەش بریتییـە لـە هۆرمـۆنی پرۆجیـستڕۆن. دوای دەرچـوونی هێلكـە ڕێـژەی ئـەو هۆرمۆنـە زیـاد دەكـات، ئـەم هۆرمۆنـە بـە هۆرمـۆنی سـكپڕی ناسـراوە، چـونكە منـاڵـدان بەتـەواوی ئامـادە دەكـات بـۆ ئـەوەی بـە ئاسـانی تـۆوی پیـاو بگەیەنێتـە هێلكـەو یـەكگرتن ڕوودەدات لـە نێـوان هێلكـەو تـۆی پیـاودا. هـەروەها جولـەی منـاڵـدان بەتـەواوی ڕێـك دەخـات بـۆ ئـەوەی هێلكـەی پیتێنـراو بـە ئاسانی بتوانێ خۆی هەڵواسێ بە دیواری منـاڵدان داو كۆرپەلەی لێدروستبێ.

بـەو شێوەیە منـاڵـدان ئامـادە دەكـرێو ڕێـك دەخـرێ و چـاوەڕێی هێلكـە دەكـات، ئینجـا كـە هێلكـەش لـە هێلكەدانـەوە دێتـە نـاو جۆگـەی هێلكـەوەو، بـۆ مـاوەی ٢٤ تـا ٤٨ كاتـژمێر لـەناو ئـەو جۆگەیـەدا چـاوەڕێی تـۆوی پیـاو دەكـات، بـۆ ئـەوەی یـەكبگرێ لەگەڵیـدا، جـا ئەگـەر لـەو ماوەیـەدا هێلكـەو تـۆوی پیـاو یـەكیان گـرت، ئـەوا هێلكـەی پیتێنـراو دروسـت دەبـێ، پاشـان ئـەم هێلكـە پیتێنـراوە دێتـە نـاو منـاڵدانەوەو دەنوسێت بە دیواری منـاڵدانەوەو دەست دەكات بەگەشەو دروستبونی كۆرپەلە.

بـەڵام ئەگـەر لـەماوەی ئـەو ٢٤ تـا ٤٨ كاتـژمێرەدا هێلكـەی ئـافرەت تـۆوی پیـاوی پێنەگەیـشتو نەپیتێنرا، ئەوا ماوەكەی بەسەر دەچێتو دەمرێتو لە ناو دەچێت.

بۆیـە هێلكـەدانیش هەستدەكات ئـەو هێلكەیـەی كـە داینـاوەو ئامـادەی كـردووە بـۆ ئـەوەی لەگـەڵ تـۆوی پیـاودا یـەكبگرێ ماوەكـەی بەسـەر چـووەو كـەڵكی مانـەوەی نـەماوە، بۆیـە یەكـسەر دەردانـی

(١) هۆرمـۆنی ئیـستڕۆجین هۆرمـۆنێكـە لـە چیكڵدانۆچـكەی گرافـت لـە نـاو هێلكەدانـدا دەردەدرێـت، ئـەو هۆرمۆنـە بـە هۆرمـۆنی ئـارەزووی جینسی ناسراوەو، هۆرمۆنیەكی مێینەیەو بەرپرسە لە دیاریكردنی شێوەو دیمەنو سیفەتو هەڵسوكەوتەكانی ئافرەت .

(٢) هێلكەی پیتێنراو: بریتییە لە یەكگرتنی هێلكەی ئافرەت لەگەڵ ئاوی پیاو.

هۆرمۆنـــەکانی خـــۆی کـــەم دەکاتـــەوە. ڕژێنـــەکانیش هەســـت دەکـــەن کـــە هێلکـــە لـــەکاتی خـــۆی دا نـــەپیتێنراوە، بۆیـــە لـــەو ئامادەکـــاریو ڕێکخـــستنەی کـــە لـــە منالّـــدان دا کردبوویـــان دەســـت هەلّـــدەگرن. هـــەر بۆیـــە ئـــەو پەردەیـــەی کـــە بـــەدەوری نـــاوەوەی منالّـــدان دروســـتیان کردبـــوو هەلّدەوەشـــێتەوە. بەمـــەش بۆڕیـەکانی خـوێن لـە منالّـدان دا بەشـێوەیەکی تونـد تەسـك دەبنـەوەو دەبێتـە هـۆی وشـك هـەلّهاتنی ئـەو پـــەردە تەنکـــەی کـــە ڕووی نـــاوەوەی دیـــواری منالّـــدان ی داپوشـــیبوو، بەمـــەش پەردەکـــە لێـــك هەلّدەوەشـێتەوەو پارچەپارچـە دەبـێ، لـەوەوە خـوێنێکی ڕەشـباوو لـە شـوێنەواری ئـەو پەردەیـەوە دێتـە خوارێ.

ئـەو خوێنـەی کـە دێتـە خـوارەوە لـەناو منالّدانـدا دەمێنێتـەوەو دەیبەستێت، پـاش ماوەیـەکی کـەم پـێش هاتنـە دەرەوەی، منالّـدان ئەنزیـمێکی تایبـەت دەردەداتو دەیرژێتـە سـەر ئـەو خوێنـە مـەیووە، بۆیـە بـە جۆرێـك ئـەو خوێنـە دەتوێنێتـەوەو شـلی دەکاتـەوە کـە ئـیتر هـەرگیز نایبەسـتێت، لـە ئـەنجامی ئـەوەدا خـوێنێکی ڕەش دێتـە خـوارەوە، بۆمـاوەی چـوار تـا شـەش ڕۆژ بـەردەوام دەبـێ، کـە نزیکـەی نیـو کـوپ خوێن دەبێت.

<u>ئائەم خوێنە پێی دەوترێ خوێنی بێ نوێژی.</u>

## بڕگەی حەوتەم: نیشانەکانی کەوتنە بێ نوێژی:

نیـشانەکانی کەوتنـە سـەر خـوێن: بریتیـە لـە کۆمـەلّێك نیـشانەی جەسـتەییو دەروونـی کـە لەگـەلّ سـوڕی مانگانـەدا دەردەکـەون لـە ئافرەتانـدا، چـەند ڕۆژێـك پـێش هاتنـەخوارەوەی خـوێن ئـەو نیـشانانە زیاد دەکات، بەلاّم لەگەلّ هاتنەخوارەوەی خوێنەکە نیشانەکان پلە پلە کەم دەکات.

نیشانەکانیش یان جەستەییە یان دەروونی .

### خالّی یەکەم: نیشانە جەستەییەکان:

کۆئەنـدامی مێینـەی ئـافرەت بەشـێوەیەکی گـشتی ئاوسـانی پێـوە دیـاردەبێ. ئـافرەتیش لـەکاتی بـێ نوێژیـدا هەسـت بـەم شـتانە دەکـات: سـستییەکی گـشتی، ئـازارو قورسـایی لـە خـوارەوەی سـکیو پـشتی، پالّەپەسـتۆ لەسـەر میزلّـدان، گرژیـەکی تونـد لەسـەر ڕووی ڕان هەلّدەکـشێ بـە ئاراسـتەی خـوارەوەی ڕانو پاشـان بـۆ نـاوەوەی لـەش. لەهەنـدێ ئافرەتـدا زیبکـەی گـەنجی« حـب الـشباب »و تامێـسکەی سـەر لێـو پەیـدا دەبـێ بەتایبـەت لەسـەرەتای پێگەیـشتندا، هەسـتکردن بەمانـدووبوونو سەریەشـە، زیـادبوونی لیکـی نـاو دەمو دلّهەلّـچونو ئێلّنجـدان، هەنـدێ جـار توشـی سکـچوونیش دەبـێ، لێـدانی دلّ زیـاد دەکـات، دەنگـی دەگـۆڕێ، ڕوخـساری سـوورو زەرد هەلّـدەگەڕێ، مەمکـەکانی تونـد دەبـنو هەنـدێ جـار ئازاریشی تێدا پەیدا دەبێ، پلەی گەرمی لەشی دادەبەزێ.

هەرچـەندە بـێ نوێـژی کردارێکـی ئاسـاییە لـە ئافرەتانـدا، بـەلاّم هەنـدێ جـار بـێ نوێـژی ئـافرەت توشـی کەم خوێنی دەکات، بەتایبەتی ئەگەر بڕی خوێن بەربوونەکەو ماوەکەی زۆر بێت.

ئـەم کـرداری بـێ نوێژیـە تـەواوی چـینە پـەردەی نـاوەوەی منـاڵـدان فـڕێ دەداتـە دەرەوە لەگـەڵ خوێنەکـەدا، بۆیـە کـردای بـێ نوێـژی دەیـسەلمێنێ کـە منـاڵـدان پاکـەو هـیچ کۆرپەلەیـەکی تێدانیـەو دەیسەلمێنێ کە ئەو ئافرەتە دووگیان نی یە.

**خاڵی دووەم: نیشانە دەروونیەکان:**

لـەکاتی بـێ نوێژیـدا بـشێوی دەروونـی لـە زۆربـەی ئافرەتـان دا دەردەکـەوێت، لەوانـە هەسـتکردن بـە دڵتـەنگی، بێهێـزی، نەفـەس تـەنگی، لـەش قورسـی، گـۆڕانی مـەزاج و ئـارەزوو، تورەبـوون بـە بـێ هۆکـارێکی تایبـەت، بێتـام بـوونی ژیـان لـەلای و هەنـدێ جـار دەسـت دەکـات بـەگریان، ڕق بوونـەوە لـە دەوروبەر، خاووبونەوەی کۆئەندامی دەمارو هێزی دەروونی.

نـاڕێکی و کـەم بوونـەوەی ئاسـتی حـوکم و ئیختیـارکردن، دەرچـوونی هەنـدێ کـردارو گفتـاری خۆنەویـست، ئەمـەش هۆکارێکـە بـۆ ئـەوەی شـەریعەت بڕیـاری تەلاقـدانی لـەکاتی بـێ نوێژیـدا حـەرام کـردووە. ئـەو گۆڕانکاریانـەش لـە ئـەنجامی خێـرا دابـەزینی هۆرمۆنـەکانی جنسـی و ئۆرگانیەکانـە. کـە ڕژێنەکانی ژێرمێشك و سەرگورچیلەو دەرەقی و هێلکەدان دەریدەدەن.

هـەروەها ئاسـتی هۆرمـۆنی تیـستۆستیرۆن لـەناو خـوێن دا کـەم دەکـات و دادەبـەزێ، بۆیـە ئـارەزووی جنسی و کـرداری جنـسیش لـە ئافرەتـدا کـەم دەکـات و دادەبـەزێت، هەربۆیـە ئـافرەت ئەگـەر لـە کـاتی بـێ نوێژیـدا کـرداری جنسی لەگـەڵ ئـەنجام بـدرێ هەسـت بـە ئـازارێکی دەروونـی زۆر دەکـات، لەبـەر ئـەوەی ئـەو ئـارەزووە لـە خـۆی دا نـابینێ، بۆیـە وا هەسـت دەکـات کـە سـتەم و زوڵمێکـی لـێ دەکرێـت، لـەبری هەستکردن بە خۆشی وئارەزووی جنسی شڵەژان و خەمۆکی و دڵتەنگی دایدەگرێ.

هـەروەها لـە کـاتی بـێ نوێـژی ئەنـدامی مێینـەی ئـافرەت بـرین و زامێکـی ناڕەحـەتی تێـدا دروسـت دەبـێ، ئەمـەش لەبـەر دامـاڵینی پـەردەی نـاوەوەی منـاڵـدان، بۆیـە کـرداری جنسی کـارێکی ئاسـایی نییـەو زیـانی زۆرە بـۆ ئـەو ئافرەتـە کـە هۆکـارە بـۆ توشـبوون بـە چـەندەها نەخۆشـی، کـە دەبێتـە هـۆی گواسـتنەوەی میکرۆبـەکان و هـەوکردنی کۆئەنـدامی زاوزێ و منـاڵـدان و هێلکـەدان، لەوانەشـە ببێتـە هۆی گیرانی بۆڕییەکانی هێلکەدان و، لەوەشەوە سەردەکێشێ بۆ نەزۆکبوونی ئافرەت.

ئـەو نیـشانانەش کـە باسـکران کـاتین و بەسـەر دەچـن و هـیچ شـوێنەوارێکی خـراپ بـە جـێ نـاهێڵن، وە مەرجیش نییە هەموو ئەو نیشانانە لە یەك ئافرەت دا دەر بکەون.

**بڕگەی هەشتەم: هەڵس وکەوت کردن لەگەڵ ئافرەتدا لەکاتی بێ نوێژیدا:**

**خاڵی یەکەم:**

**بـەپێی لێکۆڵینـەوە پزیـشکیەکان و توێژینـەوە دەروونیـەکان تەڵاقـدانی ئـافرەت لـەکاتی بێ نوێژیدا کردارێکە دژ بە سروشت و فیترەتی ئینسانە:**

وەکو وتمان لەکاتی بێ نوێژیدا ئافرەت توشی هەندێ حاڵەتی نائاسایی دەروونی دەبێو هەندێ هەڵچوونو لاسەنگی تێدا دروست دەبێ، بۆیە پێویستە لەسەر مێرد چاودێری ئەو بارە دەروونیە ئاڵۆزو نالەبارەی بکات کە توشی ئافرەت دەبێتو زیاتر ڕێزی بگرێو هەستو سۆزی ڕاگرێ.

چونکە ئافرەت لە کاتی بێ نوێژیدا لە هەموو کاتەکان زیاتر پێویستی بە سۆزو عاتیفەی مێردەکەیەتی و، زیاتر پێویستی بە مامەڵەی نەرمو ڕێزگرتنو دڵ نەرەنجاندن هەیە، نەوەك لە جیاتی ئەوە دەروونو هەستی بریندار بکرێو نەفسیەتی بشکێنرێو بە وشەی توندو نەشیاو مامەڵەی لەگەڵ دا بکرێ، بە تایبەت ووشەی تەلاقدان بەگوێی ئافرەت دا لەکاتی بێ نوێژیدا لاسەنگی دەروونی ئافرەت بەتەواوی دەڕوخێنێو دەبێتە هۆی لەدەست دانی کۆنترۆڵی عەصەبی، لە ئەنجامیشدا پێدەچێ هەندێ کاری چاوەڕوان نەکراو بێتەکایەوە، وەکو تێکچوونی دەماریو دەروونیو تووش بوون بە وەسوەسەو نەمانی متمانەی بە مێردو، هەندێ جاریش سەر دەکێشێ بۆ شێت بوونی ئافرەتەکەو، زۆرجاریش ئافرەت لەکاتی بێ نوێژیدا ئەگەر تەلاق بدرێ پێ دەچێ پەنابباتە بەر خۆ سوتاندنو خۆ کوشتن، ئەمەش لەبەر ئەوەی لەکاتی بێ نوێژیدا ئافرەت کۆنترۆڵی خۆی کەم پێ دەکرێ.

هەروەها لەکاتی بێ نوێژیدا توانای جنسیو ئارەزووی جنسی دادەبەزێتو کەم دەکات بەهۆی دابەزینی هۆرمۆنە جنسیەکانەوە، بۆیە ئافرەت لە ماوەی بێ نوێژیدا ناتوانێ بە پێی پێویست سۆزوخۆشەویستی مێرد بۆ خۆی ڕابکێشێ، ئاشکراشە کە ئارەزووی جنسی هۆکارێکە بۆ کەمەندکێش کردنو ڕاکێشانی هەستو سۆزی مێردو کەمکردنەوەی توڕەییو لابردنی خەمو پەژارەو ماندوو بوونی مێرد، جا لەم کاتەدا هەم باری دەروونی ئافرەتەکە خۆی تەواو نییە، هەم لایەنی جنسیشی لاوازوو بێ هێزە، بۆیە ئەگەر ئافرەت لەکاتی بێ نوێژیدا کردەوەیەکی ئەنجام دا بەدڵی مێردەکەی نەبوو، نابێ مێرد پەنا بباتە بەر تەلاقدان، چونکە ئەو کردەوەیەی ئەو ئافرەتە زۆرجا بەدەرە لەویستی خۆی بە هۆی ناجێگیری باری دەروونیەوە, تەلاقدانەکەش سەردەکێشێ بۆ کۆمەڵێك کێشەی گەورەتر وەکو پێشتر ئاماژەمان پێی کرد.

ئەگەر ئافرەتەکە لەکاتی بێ نوێژیدا نەیتوانی هەستو سۆزی مێردی بە پێی پێویست ڕابگرێ، نابێ مێرد ئەوەندە دڵڕەقو بێ ویژدان بێ هەڕەشەی تەلاقو دابڕانی لێ بکات، چونکە لەم کاتانەدا ئافرەتەکە پێویستی بەوەیە هەستو سۆزی ڕابگیرێو دڵ نەوایی بکرێ، ئەوەش لەبەر ئەوەی زۆربەی هۆرمۆنەکانی ئافرەت کە هۆکارن بۆ ئەوەی ئافرەت بتوانێ بەهۆیانەوە هەستو سۆزی مێردی پێ ڕابگرێ دادەبەزنو کەم دەکەن.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئیسلام چەندێ نازی ئافرەتی کێشاوەو ڕێزو حورمەتی گرتووە، بۆیە دەبینین ئیسلام تەڵاقدانی ئافرەتی حەرام کردووە لەکاتی بێ نوێژیدا.

«عَبْدَ اللَّـهِ بْـنَ عُمَـرَ»«خـوای لـێ ڕازی بـێ» خێزانەكـەی خـۆی تـەڵاق دا كـە لـە بـێ نوێژیدا بـوو، ئیمامی« عُمَـرُ» ئـەوە بـۆ پێغەمبـەرﷺ باسكرد، پێغەمـەریشﷺ زۆر تورەبـوو بۆیـە فـەرمانی پێكـردوو فەرمووی:

« مُرْهُ فَلْيُرَاجِعْهَا ثُمَّ لِيُمْسِكْهَا حَتَّى تَطْهُرَ، ثُمَّ تَحِيضَ[حَتَّى تَحِـيضَ حَيْـضَةً أُخْـرَى مُـسْتَقْبَلَةً سِـوَى حَيْضَتِهَا الَّتِي طَلَّقَهَا فِيهَا]، ثُمَّ تَطْهُرَ، ثُمَّ إِنْ شَاءَ أَمْسَكَ بَعْدُ وَإِنْ شَـاءَ طَلَّـقَ قَبْـلَ أَنْ يَمَـسَّ[فَلْيُطَلِّقْهَـا طَاهِرًا قَبْلَ أَنْ يَمَسَّهَا]فَتِلْكَ الْعِدَّةُ الَّتِي أَمَرَ اللَّهُ أَنْ تُطَلَقَ لَهَا النِّسَاءُ [فَـذَلِكَ الطَّلَـاقُ لِلْعِـدَّةِ كَمَـا أَمَـرَ اللَّهُ]

واتـە: «پێـی بڵـی بـا بیگێڕێتـەوەو دەستی لـێ بەرنـەدا، تـا لـەو بـێ نوێژیـەی پـاك دەبێتـەوە، پاشـان بۆجارێكی تـر دەكەوێتـە بـێ نوێژیـەكی تـرەوە، جگـە لـەو بـێ نوێژیـەی كـە تێیـدا تـەڵاق دراوە، پاش ئـەم بـێ نوێژیـەش كـەی پـاك بـووەوە، ئـەوجا ئەگـەر ویستی لەسـەر هـەبوو دەتـوانێ دەسـتی لـێ بەرنـەدا، یـان ئەگـەر ویـستی لەسـەر بـوو دەتـوانێ دەسـتی لـێ بـەرداو تـەڵاقی بـدات لـەو پاكێتیـەدا پـێش ئـەوەی بـچێتەلای‌و لەگـەڵی جـووتبێ. جـا ئـەو تـەڵاق دانـە لـە پاكێتیەكـدا كـە جیمـاعی تیدانـەكرابێ، ئـەو عیدەییەی كە خودا فەرمانی پێكردوە خێزانی تێدا تەڵاق بدرێ».[١]

لـەوەوە پێغەمبـەر ﷺ فێرمـانی كـرد كـە تەڵاقـدان بـەو جـۆرە كـە لـە بـێ نوێژیـدا بـێ هـیچ شەرعیەتێكی نی یەو پێچەوانەی فەمانی خودایە.

وە ئیـسلام گرنگیـەكی تـەواوی داوە بـەو حاڵەتـە دەرونیـەی ئـافرەت، لەوانـە پێغەمبـەر«ﷺ» ئـەو هەڵوێستە لارو چـەوتانەی جولەكـەی راسـت كـردەوە كـە كردبوویـان بـە دیـن بـۆ خۆیـان‌و لـەكاتی بـێ نوێژیدا ئافرەتیان بە گڵاو دەزانی.

« أَنَـــس»دەفـەرموێ: جولەكـەكان كاتێـك ئافرەتیـان بكەوتایەتـە بـێ نوێژیـەوە لـە ژووری خـەوتن دەریـان دەكـردن‌و لەگـەڵیان نەدەخـەوتن‌و نانیـان لەگـەڵ نـەدەخواردن‌و نەدەچوونە لایـان بـۆ تێركردنـی ئارەزووی جنسی، پێغەمبەر«ﷺ» دەفەرمووێ:

« اصْـنَعُوا كُـلَّ شَـيْءٍ إِلَّـا النِّكَـاحَ» واتـە « دەتـوانن لەگـەڵ ئـافرەتی بـێ نوێـژ ڕابـووێرن تـەنها جووتبوون نەبێ».[١]

هـەر بـەوەوە نەوەسـتاوە، بـەڵكو موسـڵمانی فێركـردووە كـە چـۆن مامەڵـە لەگـەڵ ئافرەتـدا بكـەن لـەكاتی بـێ نوێژیـدا، وەكـو بەیەكـەوە نـان خـواردن‌و بەیەكـەوە خـەوتن‌و تێركردنـی هەستونەسـتی یـەكتر تەنها جووت بوون نەبێ، ئەویش لەبەر ئەوەی زیان‌و زەرەری بۆ ئافرەتەكە هەیە بەدەرەجەی یەكەم.

(١) صحيح البخاري - كتاب الطلاق-باب قول الله تعالى : يا أيها النبي إذا طلقتم النساء - حديث : ٤٩٥٦.

[١] صحيح مسلم - كتاب الحيض-باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله وطهارة سؤرها والاتكاء في - حديث : ٤٨١.

«عَائِشَةَ» خوای لێ ڕازی بێ دەفەرموێ: من شتم دەخواردەوەو لە بێ نوێژیش دا بووم، پاشان بەرماوەکەی خۆمم دا بە پێغەمبەر«عليه السلام» ئەویش دەمی لە سەر شوێنەواری دەمی من دانا لێی خواردەوە.(٢)

«عَائِشَةَ» خوای لێ ڕازی بێ دەفەرمووێ: پێغەمبەر«عليه السلام» پێی ووتم: بەرماڵەکەم بۆ بێنە لە مزگەوت. دەفەرمووێ: منیش وتم من لە بێ نوێژیدام، ئەویش فەرمووی: «إِنَّ حَيْضَتَكِ لَيْسَتْ فِي يَدِكِ ». «خۆ بێ نوێژیەکەت لە دەستەکانتدا نییە».(٣)

بۆیە ئیسلام ئەو گۆڕانکاریە دەروونیانەی لەبەر چاو دەگریو ڕێزی ئافرەتی گرتووەو هەستو نەستی پاراستووەو، پیاوان ئاگادار دەکاتەوە کە لەو کاتانەدا پێویستە ئەو پەڕی سۆزو بەزەییو نەرمو نیان بن لەگەڵ خێزانەکانیان ، بە جۆرێك لەگەڵیان هەڵسو کەوت بکەن کە دەرونیان ئاسودەبکەنو خەمو ئازارە دەرونیو جەستەییەکانیان بڕەوێننەوە بە مامەڵەی شیرینو جوان.

**خاڵی دووەم:**

**بەپێی لێکۆڵینەوە پزیشکیەکان کرداری جنسی ئەنجام دان لەگەڵ ئافرەتی بێ نوێژ دا ئازاری دەروونیو جەستەیی لە ئافرەت دا دروست دەکات:**

وەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد لە کاتی بێ نوێژیدا هۆرمۆنی جنسی لە ئافرەت دا دادەبەزێو ئارەزووی جنسی نامێنێو، ئەگەر کرداری جنسیشی لەگەڵ ئەنجام بدرێ، ئەوا هەست بە ئازارێکی دەروونی زۆر دەکات، لەبەر ئەوەی ئەو ئارەزووە لە خۆی دا نابینێ، بۆیە وا هەست دەکات کە ستەمو زوڵمێکی لێ دەکرێت، لەبری هەست کردن بە خۆشیوئارەزووی جنسی شڵەژانو خەمۆکیو دڵتەنگی دایدەگرێ.

بۆیە پێویستە پیاو ڕەچاوی ئەو بارە دەروونیەی ئافرەت بکاتو کرداری جنسی لەگەڵ ئەنجام نەدات، لەبەر تێرکردنی ئارەزووی جنسی خۆی دەروونی خێزانی نەشڵەژێنێو دووچاری ئەو خەمۆکیو نەخۆشیە دەرونیانەی نەکات.

هەروەها لە کاتی بێ نوێژی ئەندامی مێینەی ئافرەت برینو زامێکی ناڕەحەتی تێدا دروست دەبێ، ئەمەش لەبەر داماڵینی پەردەی ناوەوەی مناڵدان، بۆیە کرداری جنسی کارێکی ئاسایی نییەو زیانی زۆرە بۆ ئەو ئافرەتە، کە هۆکار بۆ توشبوون بە چەندەها نەخۆشی، کە دەبێتە هۆی گواستنەوەی میکرۆبەکانو هەوکردنی کۆئەندامی زاوزێو مناڵدان و هێلکەدان، لەوانەشە ببێتە هۆی گیرانی بۆڕیەکانی هێلکەدانو، لەوەشەوە سەردەکێشێ بۆ نەزۆکبوونی ئافرەت.

(٢) صحيح مسلم - كتاب الحيض- باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله وطهارة سؤرها والاتكاء في - حديث : ٤٧٩.

(٣) صحيح مسلم - كتاب الحيض-باب جواز غسل الحائض رأس زوجها وترجيله وطهارة سؤرها والاتكاء في - حديث : ٤٧٦.

کەوابوو: نزیك بوونەوە لە ئافرەت لە کاتی بێ نوێژیدا بە مەبەستی کرداری جنسی ئازاری دەروونیو جەستەیی لە ئافرەت دا دروست دەکات، هەر بۆیە شەریعەتی ئیسلامیش کرداری جووتبوونی حەرامکردووە لەکاتی بێ نوێژیدا.

﴿ وَيَسۡـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلۡمَحِيضِۖ قُلۡ هُوَ أَذٗى فَٱعۡتَزِلُواْ ٱلنِّسَآءَ فِي ٱلۡمَحِيضِ وَلَا تَقۡرَبُوهُنَّ حَتَّىٰ يَطۡهُرۡنَ ﴾ البقرة:٢٢٢

واتە: «ئەی پێغەمبەری خوا «ﷺ» سەبارەت بەجووتبوون لەگەڵ ئافرەتێ کە لە بێ نوێژیدا بێ پرسیارت لێ دەکەن، کە ئایا دروستە جووتبوون لەگەڵیان یاخود نا؟، تۆش بە موسڵمانان بڵێ: جوتبوون لەگەڵ خێزاندا لەکاتی بێنوێژی دا مایەی زەرەرو زیانو ناخۆشی و نەخۆشیە، بۆیە لە ماوەی بێنوێژیاندا لێیان دووربن وتێکەڵی سەرجێی ژن و مێردیان لەگەڵ مەکەن بە مەبەستی جووتبوون، وە نابێ بە مەبەستی جووتبوون نزیکیان بکەون هەتاوەکو پاك دەبنەوە و خۆیان دەشۆن».

=====================

ماڵپەڕی بەهەشت
www.ba8.org
لە دوعای خێر بێ بەشمان مەکەن